www.kurdistannet.org

# له خه رمانی کاری کۆمه ڵه ی کوردی له شاری روسکیلدا دانمارک

له رۆژی ۲۰۰۱/۱۰/۲۳ کۆڕیـک بەسـترا له پـەرلمانی دانـیمارک بـەهاوکاری کۆمەڵـەی کـوردی له روسـکیلدا و کۆمەڵەی کـەلتوری کـوردی دانیمارکی.

ناونیشـانی کـۆڕەکه بـریتی بـوو له بـه کۆمەڵ کـوچ رەوی کـوردان بـەرەو هـەندەران، دەسـت نیشـان کـردنی هۆکارەکـانی وهـەروەها هـەنگاوەکانی چارەسـەر کـردنی کـۆچی کـوردان.

کـۆڕەکـە لـە کـات ژمـێر یـەک (۱)ی پـاش نیـوەڕۆو دەسـتی پیـکرد کـاتـژمیـر پینج (۵)ی ئیـواره کـۆتـای پـیهـات. کـۆڕەکه لـە نـهـۆمی یـەکـەمی کـۆشـکی پـەرلمانی دانـیمارک سـازدراو بـە بـەشـداری کـردنی بەرێز دکتـور بـورهـان الدين یـاسین کە مـاموسـتای مێژوو لە زانـکوێ لـوند لە وولاتـی سـوید، بەرێز دکتـور مـەحـمـود عوسمـان سیاسـەتـمەداریکی کـوردە و دانیشـتوی وولاتـی بەریتـانـیا وە هـەروەها ئامـادەبـوونی نـوینـەرانی هـەردوو پـارتی دەسـەلاتداری کـوردسـتانی بـاشـور پـارتی دیمـوکراتی کـوردسـتان کە بەرێز تەها بەرواری بـوو و نـوینـەری یەکیتی نیشتمـانی کـوردستان کە بەرێز ئەحمـەد بـامەرنی بوو.

لەلایـەنی وولاتـی دانیـمارکەوە بەشـداربـووان بـریتی بـوون لە بەرێـزدار ویـلی سـویندال ئـەندامی پـەرلمـان و سـەرۆکی دەسـتەی پـەرلەمـەنتاری پـارتی سـوسیالستی چـەپ لە پەرلمان (Socialistisk Folkepart (SF.

ریـزدار ڤـیگو فیشـەر نـیـۆنەری پـارتی پـاریزەرانی Konsirvative Folkeparti وەهـەروەها ریـزدار کـینیت هـۆر لیپـسراوی مەکتـەبی پـارتی لیسـتەی یەکگـرتوو Enhedslisten لە پەرلمان.

کـۆڕەکە لەلایەن سـەرەک وەزیـرانی پیـشووی دانـیمارک، کـە دۆسـتیکی نـزیکی گـەلی کـوردە بەرێـز انکـەر یورگنسـن دەسـتی پـی کـرد، بەرێـزیان ئاماژەیان بۆ ئەوە کـرد کە رۆڵـی دانـیمارک و وولاتـە ئەوروپـیەکـان دەبـێ گەلێکـ زیاتربـیت بـۆ دابیـنکردنی مـافی کەمەنەتەوایەتـیەکان لە هـەمـوو جـیـهان وبەتایبەت نەتـەوەی کـورد کە زیـاتـر لە (۲۵-۳۰) ملـیـون مـروڤـە وبـێ بەشـە لە مـافـە سـەرەتاییەکـانی.



لەم ویـنـەیەدا لەلای چەپـەوە بەرێـز انکـەر یـورگنسـن، بەرێـز دکتـور بـرهان الدين یاسـین، بەرێـز دکتـۆر محمـود، بەرێـز ئەحمـەد بـەرواری، بەرێـز شـەوقی، رێـزدار ویـلی سـویندال، رێـزدار ڤـیگو فیشـەر، رێزدار کینیت هـۆر.

بەرێـزیان هـیوای ئـەوەیـان خـۆاسـت کـە ئـەم کـۆڕە بـبـێ بـە هـۆی گـۆریـنەوەی بـیـرو راو روونکـردنەوەی بـابەتـەکان لە رووانگـەی بەشـداران و ئامادەبووانەوە.

www.kurdistannet.org

پـــاش ئـــەوەی پـــەنـابەرێـک لە شــــاری کەرکـوکـەوە بـاسـی ئـەو بـارە نـاهەموارانەی کــــورد وکـەمـە نەتەوایـتـیـەکـانی دی کـــرد لە شـاری کـەرکـوک و هـەروەهـا چەرمەســەری تـرســـناکی رێـگـای بــەرەو ئەورووپـــا و ئــەو رووداوە تـرسـناکانەی کـــە یەخـەی پـەنابەران دەگـرێـت لە رێـگـای هەنـدەراندا.

پاشـان بەڕێـز دکـتـور بـورهـان الدیـن یـاسـین بەتـێروو تەسەلی بەزمـانی ئینگلیزی هۆکارەکانی کـۆچی کـوردەکـانی خـسـتە روو کـە ئـەویش بـەرای ئـەو خـۆی لە دوو تەوەری سـەرەکیـدا دەبینیتەوە.

تـەوەری یەکـەم بـاری رامـیـاری نـاوچەکـەو، تـەوەری دووەم بـاری ئـابـووری نـاوچەکە

تـەوەری رامـیـاری کـە خـۆی لە داهـاتووی نـادیـاری هـەرێـمـی کـوردسـتـان و سیاسـەتی بـە عـەرەب کـــردن وتـوقـانـدنی رژێـمـی بـەغداد، شـەری نـاوخـۆی کـورد وهـەروەهـا هـیـرش وخـۆهـەلقورتاندنی دەوڵەتـەکـانی دراوسـێ وهــەروەهـا هاوپــەیمـانی کـــورد لە گــەڵ دەوڵەتـەکـانی دراوسـێ لە ســەر حیسـابی ئـارامـی نـاوچەکەو ئـاسـایشی نەتەوەی کـورد.

بەڕێـزیان ئـامـاژەیـان بـۆ بـاری نـاهـەمـواری ئـابـوری کـرد کـە کـوردسـتـان لە ژێـر دوو ئـابـلـوقەی ئـابووری، ئـابـلـوقەی جـیـهـانی وئـابلوقەی رژێمی بەغداد دەناڵێت.

هـەروەهـا ئـامـاژەیـان بـەوەش کـرد کـە کـوردسـتـان لە رووی ئـاستی ژیـانەوە لە چـاو نـاوچـەکـانی ژێـر دەسـتی حکومـەتی عـێراق بـاشـترە، بـە تـایـبەتی لە سـایەی پەڕیا کـردنی بڕیـاری ٩٨٦ لە ساڵی ١٩٩٦ بە دواوە.

بەڕێـزیـان لە کـۆتـاییدا داوایان لە دانیمارک و هـەروەهـا وولاتـە ئەورووپـیـەکـان کـرد بـۆ تێگەیشـتن لە دوزی کــوردو کـارکـردن بـۆ دروسـت کـردنی زیـاتـر بەرقـەراری و دابـین کـردنی زەمانـەت (گـرنتی) بـۆ نـاوچەکـە بـە پـاڵپشـتی کـردنی بـریاری فـیدرالی وەبەتایـبەت پاش هەڵگرتنی ئـابلوقە لە سـەر عێراق.

پاشـان بەڕێـز دکـتـور مـەحمـود ئـامـاژەی بـۆ کـوچی کـوردان کـردوو ئـامـاژەی بە سیاسەتی بەعـەرەب کــردن وچەوسـاندنەوەی گـەلی کـورد کـرد لە ناوچەکانی ژێـر دەسەڵاتی رژێـم و هـەروەهـا ئـامـاژەی بـە دەرکـردنی کـوردە فەیلیـەکـان لە نـاوچـەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی حکومـەتدا، بەڕێـزی ئـامـاژەی بـۆ تـاوانـەکـانی قـرکـردنی کـورد وەک ئەنفال وکیمیابارانی هەڵبجەو روخانی ٤٥٠٠ دێ کـورد .... هتـد بەڕێـزی ئـامـاژەی بـۆ سـەفەرەکەی ئەم دواییـە کـرد بـۆ کـوردسـتـان وبـاسـیکی بـارووودوخی کـوردسـتـانی کـــردوو وەپـێی وابـــوو کـــە لەیـــەک نـــزیـک بـوونـــەوەی دووپـــارتە دەسـەڵات دارەکـەی کـوردسـتـانی بـاشـوور بـووە بـە هـۆی دروست کـردنی هیوا لە دڵـی خـەڵکی نـاوچـەکە.

بەڕێـزی ئەوەشـی روونکـردەوە کـە وولاتـە ئەورووپـیـەکـان هـیلاکن بەدەسـت مەسـەلەی کــۆچ کــردن، وە کــۆچ کـردن بـــووە بـە سـەرئیـشـەیەکی گـەورەی ئەورووپـا. وە داوای لە دانیـمارک و وولاتە ئەورووپیـەکـان کـرد کە هــەر کەشـــتیەک لەنگــەر دەگـــرێت وپـەنـاهەنـدەی کـــوردی تـێدایە، مەسـەلەی کـورد دەکـەوێتە بـەر روشنـای، ئەمە بە هیـچ جـۆرێـک چـارەسـەری مەسـەلەکە نـاکـات بـەڵکو کـێشـەی کـورد، کێشـەیەکی سیاسیە بۆیـە پـیـویسـتە وولاتـە ئەورووپـیـەکـان کـونفرانسـیـکی نـیودەوڵەتی دروست بکـەن بۆ بـاس کـردنی کـێشەی کـورد.

لە کوتايـيدا ئامـاژەی بەوەکـرد کەهـەر پـەنـاهـنـدەیەک دەبێ لەرووی تـاکە کەسیەوە تەمـاشـا بـکـرێت و بـریاری پـەنـاهەندەیی لەسـەر ئـاسـتی گـرفـتەکـانی تـاکـە کـەس بـدرێت وە هـیـوای ئـەوەی خواست کـە ئـەم

www.kurdistannet.org

کۆره روشنایی بخاته سەر باروودوخی پەناهەندە و بە قازانجی ئەوان بگەرێتەوە.

هەروەها هەریەکێ لە بەریزان ئەحمەد بامەرنی و تەها بەرواری باسی هەل و مەرجی ئەمرۆی هەریمی کوردستانیان کردوو ئاماژەیان بۆ پرۆسەی ئاشتی کرد لە نیوان یەکیتی نیشتیمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دا. جگە لەمانەش هاتنە باسی پیشکەوتنی پرۆسە دیموکراتی لە هەریمی کوردستان و ئازادی بیروو راو بوونی دەیان رۆژ نامەو گۆڤار.

یزدار ویلی سویندال ئەندامی پەرلمان و سەرۆکی دەستەی پەرلەمەنتاری پارتی سوسیالستی چەپ لە پەرلمان (SF). ئاماژەی بۆ باری کوردستان دریژ کردو تیشکی خستە سە ر ئەوەی کەریژەی مردنی مندال لە کوردستا کەمترە لە وەی کە لە ناوچەکانیژیر دەستی ریژیمی عیراق دایە، وەهەروەها پاڵپشتی خۆی دەربری بۆ گرتنی کۆریکی نیودەولتی لەسەر کیشەی کورد.

ریزدار ڤیگو فیشەر نیۆنەری پارتی پاریزەرانی (Konservative) ئاماژەی بەهەولە کانی خویدا بۆ پاڵپشتی دۆزی کورد و داکۆکیکردن لە مافەرەواکانی وە ئاگادارکردنەوەی رای گشتی خەڵکی دانمارک لە کاتی کیمیابارانی هەڵبجە و کوچرەودا. بەریزیان ئاماژەی بەوەدا کەدەرکەتنی سەرەکی ئەرکانی پیشوی سوپای عیراق (نزار خەزرەجی ) لە دانمارک بوو بەهۆی ئەوەی کەگەلی دانمارک زیاتر ئاشنای ئازارەکانی گەلی کورد بێت، بە تایبەت کە میدیای دانمارکی بەگشتی لە سەرتاوانەکانی ئنفال و هەڵەبجە دەدوین.

ریزدار کینیت هۆر لیپسراوی مەکتەبی پارتی لیستەی یەکگرتوو لە پەرلمان باسی ئاشنابوونی خۆی کرد لە گەڵ مەسەلەی کورد لە ئازاری ١٩٨٨ کاتی وئنەی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە میدیای دانمارکیدا بلاو دەکرایەوە. ئەوبەریزە یەکگرتنی کوردی بەمەرجی سەرەکی دۆزی کورد داناو وە ئامادەیی پارتەکەی دەربری بۆ پاڵپشتی پرۆسەی ئاشتی لە نیوان یەکیتی نیشتیمانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا.



لە کۆتاییدا پرسییار ئاراستەی ئەوبەریزانە کرا لە لایەن بەشداری بووان لە هولەکەداو دا نوو سەندنیکی پۆزەتیڤانە ئەنجام درا. ئەوەی شایانی باسە دەیان مامۆستای زانکۆو، قوتابی زانکۆکانی کوبنهاگن و روسکیلدا لە نیوان ئامادەبووانی کورەکەدابوون. جگە لە ئاندامانی ئورگانی مافی مرۆڤ و دەزگاکانی دەژە ئەشکەنجە. لە کۆرەکەدا هەوالنیری رۆژنامەو میدیای دانمارکی ئامادەبوون.

ئامادەکردنی
نەوزاد مارف
کۆمەڵەی کوردی لە شاری روسکیلدا
دانمارک